کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# سێ پۆستەره شیعر



**ئەبوبەکر مەلا عەبدوڵڵا**
bakr980@yahoo.com

(١)

تۆ بوویتە چرکە ژمێر و
منیش ژمارە دوانزە
من ناتوانم لەدوانزەوە ببمەوە یەك
ئەمە یاسای بیرکارییە
کەچی تۆش ناوەستی لەسەرم
من لەیەکەوە هاتم و
لەدوانزە گریسامەوە
کەچی پاتری لووت بەرزی تۆ
سکوت نەبوو
لەهیچ ژمارە ئاوڕێکی لێنەدامەوە

(٢)

شێرێك کەوتبووە چاکەی مشکێکەوە
بڕیاریدا خۆشی بووێ
ڕۆژێ بەدەم ماچی خۆشەویستییەوە
قووتی دا

(٣)

لەهۆڵێکا شانۆیەکی کۆمیدیایی
پێشکەش دەکرا
لەناوەڕاستی کارا
کار وەستێنرا
بەبێ بوونی هیچ هەڵەیەك
لەشانۆکەدا
دەزانن بۆ:
تەماشاکارێك
لەپێکەنینا پچڕا...